# ئافرەتانی کوردستان شانبەشانی پێشمەرگە خۆیان بە پارێزەری خاک و ئاسایشی کوردستان دەزانن



پەلامار و هێرشەکانی گرووپی تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە (داعش) بەرەو سنوورەکانی هەرێمی کوردستان، بارودۆخێکی نەخوازراوی هێنایە ئاراوە و قۆناغێکی دیکەی کۆکوژی و ئەنفالی کوردان دەستی پێکرد، کە تا هەنووکەش هەوڵەکانی ئەو دڕندانە لە دژی خاك و خەڵکی کوردستان بەردەوامە و لە هیچ تاوانێکیش سڵ ناکەنەوە، ئەوەش بە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر ناوچەکە بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی هەژمار دەکرێت. لە کاتێکدا پێشمەرگە لەگەڵ دوژمنی داگیرکەر لە سەنگەردایە، ئافرەت جگە لەوەی بەشداری لە شەڕی دژی تیرۆریستی داعش کردووە، هاوکات لە ریزی هێزەکانی ناوخۆ پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگەی لە ئەستۆ گرتووە و ژمارەیەکی بەرچاو لە خانمانی کوردستان لە ریزی هێزەکانی ناوخۆ شانبەشانی پیاوان لە ئەرکدان. هەر لەو بارەیەوە بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان راو سەرنجی خۆیان دەخەنەڕوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی





سەرەتا پەرلەمانتاری کورد نەجیبە نەجیب وەك ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدراڵ رۆڵی ئافرەتی کورد لە گشت جومەگەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریدا بەرز دەنرخێنێت و هاوکات دەڵێت: «ئافرەتانی کورد سمبولی ئاشتی و ئارامی و ئازایەتین و ئەم رۆڵەی کە ئەمڕۆ لە پێناو پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگەی کوردی لە ئەستۆیان گرتووە، رۆڵێکی مێژووییە، تەنانەت لە رابردووشدا هاریکاری پێشمەرگەیان کردووە و رۆڵی ئافرەتان لە شۆڕشدا هیچ بۆشاییەکی لە رووی پێشکەوتنی کوردەوە نەهێشتەوە، لە زیندان و سەنگەر و رێکخستنەکاندا ژنان کۆڵەکەیەکی خەبات و تێکۆشان بوون، هەتا ئێستاش دەبینین کە تەنانەت لە چالاکییە چەکدارییەکانیش ئافرەتان لە هەر چوارپارچەی کوردستان هاتوونەتە پاڵ حزب و کۆمەڵە چەکدارییەکانی کوردستان بۆ بەشداریکردن لە خەباتی رزگاریخوازی و نەتەوایەتی، هەموو ئەمانەش دەرخەری ئەو راستییەن کە ژنی کورد لە یەك بواردا پێشەنگ نین، بەڵکو لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا سەرمەشقن».

ئەو پەرلەمانتارە رایوایە «پەلامارەکانی داعش بۆ سەر کوردستان نیشانی دونیای دەرەوەی دا، کە ئافرەتی کورد دەتوانێ لە بەرامبەر دڕندەترین و دەمارگرژترین هێزی جیهان بوەستێت و پارێزگاری لە وڵاتەکەی بکات».

هەر سەبارەت بەو پرسە سەلام کەریم راوێژکار لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، جەخت لەوە دەکاتەوە کە تێڕوانینی ئیسلام بۆ ئافرەت زۆر گەورە و پڕ بایەخ بووە، پێشیوایە کە دابونەریت و نەفامی و ناتێگەیشتوویی تاك گرێ و کۆسپی خستۆتە نێو ئەو پڕۆسەیە، نەك ئایین. گوتیشی: «خزمەتی خاك و وڵات فەرزە لەسەر گشتمان، جا چ کچ بێت، یان کوڕ، ئەو ئافرەتانەی بە جلی سەربازییەوە خزمەت دەکەن، دایەنی میللەتن. لەسەردەمی خەلافەتدا پیاو و ژن پێکەوە دەستنوێژیان گرتووە. حەزرەتی عائیشە لە جەنگی (جمل) بەربوویەوە بە یاوەری ٥٠ پاسەوان بۆ مەدینە نێردرایەوە، پاش گەڕانەوەی حەرزەتی عائیشە، سەیری کرد گشتیان کچن کە ئیمامی عەلی وەك یاوەر لەگەڵی ناردوون، پێغەمبەر (د.خ) لە سولْحی حودەیبییە پرس و رای بە ئوم سەلەمە کرد و پەیڕەوی راکەی کرد و بۆ شکاندنی ئیحرام نەچوون بۆ شاری مەککە».

ئەو ڕاوێژکارە ئایینییە هێمای بۆ ئەوەش کرد کە «یەکەم کەس کە بووە موسڵمان، ئافرەت بوو، کە خەدیجەی خێزانی پێغەمبەر بوو. یەکەم شەهید لە مێژووی ئیسلام ئافرەت بوو بە ناوی سومەییە». گوتیشی: «ئەوڕۆ مەکری تیرۆر و تیرۆریستان بووەتە قەیرانێك و دەبێ گەلان و میللەتان دەست لەناو دەستی یەکتر پێکەوە بۆ بنبڕکردنی ئەو قەیرانە هاوکاری یەکتر بن، ئیمەی کوردیش وەك خێزانێك بڕوانینە ئەو قەیرانە و کچان و خوشکانمان ئەوانەی لەو بوارە کاردەکەن و پاش ئەوەی راهێنان و قۆناغەکانی تەواو دەکەن، دەبێ بە چاوی رێز و



سوپاسەوە سەیریان بکەین کە ئەم ئەرکە قورسە دەخەنە ئەستۆی خۆیان بۆ خزمەتی خاك و نیشتمان».

رۆژنامەنووس وچالاکوانی مەدەنی زەینەب ئەرکەوازی، لە دەستپێکی قسەکانیدا هێما بۆ ئەوە دەکات کەوا لەم دۆخە ناهامووارەی کوردستان و لە کاتی رووبەڕووبوونەی شەڕی داعش و نائارامی ناوچەکانی خوارەوەی عێراق، پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکان لە سەنگەرەکانی شەرەف و کوردایەتی بەرگری لەخاکی کوردستان دەکەن، ژنانیش بەشێکی گەورەی ئەم تێکۆشانەن و قوربانی زۆریانداوە. گوتیشی: «جێی شانازییە بۆ ئێمەی کورد ژنانی شنگال و کۆبانی بوونەتە سمبولی خەبات و تێکۆشان، هەروەها لە سەرەتای هێرشەکانی داعشەوە ژنانی کوردستان چەکیان هەڵگرت بۆ پاراستنی خاك و وڵاتی خۆیان، تا ئێستاش چ لە سەنگەرەکانی جەنگ و چ لە ناو شارەکاندا بە هاوەڵی برا پێشمەرگەکان لە خەباتدان و سەلماندوویانە کە هیچیان لە پیاو کەمتر نییە و هەمیشە لە گشت بوارەکاندا رۆڵی خۆیانیان بینیوە.»

لەلای خۆیەوە عارف روشدی راوێژکاری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، ستایشی ئەرك و رۆڵی ئافرەتی کورد دەکات و رایوایە «ئافرەتانی کوردستان لە جێبەجێکردنی ئەرکە نیشتمانییەکانیان هەرگیز دوورەپەرێز و دەستەوەسان نەبوون، لە هەموو قوناغەکانی خەباتی گەلەکەماندا شان بەشانی تێکۆشەران لە مەیدانی خۆڕاگری و قوربانیداندا بوون.» گوتیشی: «ئافرەتانی مەینەتباری کوردستان بێجگە لە ئازار پێگەیاندنیان لەلایەن نەیارانی گەلەکەمانەوە، هەڵگری باری قورسی لەدەستدانی هاوسەر و برا و کەسوکارەکان بوون، لەم قوناغە قەیران ئامێزەشدا درێغییان نەکردووە و سەدان ئافرەت چوونەتە ریزی پێشمەرگە، ئافرەتانی ماڵەوەش خۆراك و پێداویستییەکانی بەرەکانی جەنگیان دابینکردووە، هاوکات زۆرینەی ئافرەتانی کارمەندی حکومەت لە ئاستێکی باشی تێگەیشتندان، لە بارەی تەنگژەی دارایی هەرێمەکەمان و خاوەن هەڵوێستی جوانن، بۆیە دەبێ حکومەتی هەرێم ئەم هەڵوێستە شایستانەی ئافرەتانی کوردستان بە هەند وەربگرێت و لە کاتی گونجاو قەرەبوویان بکاتەوە، پێش هەموو شتێك هەوڵی جددی بخاتە گەڕ بۆ نەهێشتن، یان کەمکردنەوەی رێژەی بێکاری لە نێو توێژی ئافرەتاندا و دابینکردنی بیمەی کومەڵایەتی بو ئەوانەی توانای کارکردنیان نییە، یان نەخوش و تەمەن گەورەن».

بەرپرسی ئەکادیمیای پارتی دیموکراتی کوردستان قادر قاچاخ، هێما بۆ ئەوە دەکات کە ئافرەت و پیاو تەواوکەری یەکترن و هەر لەو رووەوە ئاماژە بەوە دەکات کە «ئەگەرچی داهێنەرانی بەناوبانگ ئافرەت نەبوون، بەڵام ئافرەت بە پەروەردە و فێرکردن گەورەترین داهێنانی کردووە». قادر قاچاخ گوتیشی: «پێموایە ئەوەی پیاو دەیکات، ئافرەت باشتر و دڵسۆزانەتر ئەنجامی دەدات، بەردەوام شەرم و ترس دوو هەڕەشە و دوو کۆسپی گەورە بوون، کە عەشیرەتگەری و دیدی بەرتەسکی ئایینی سەرچاوەی ئەوەن کە ئافرەت نەتوانێ رۆڵی کارای لە کاروباری رۆژانەدا هەبێت، سەردەم سەردەمی ئینتەرنێت و جیهانگەراییە و لە بنیادنانی کۆمەڵگە نێر و مێ تەواوکەری یەکترن، خزمەتی پۆلیسیش ئەرکێکی پیرۆزە و جگە لەوەی کە سیستەمی دیموکراتی هەمیشە دەسەڵات دەخاتە دەست پۆلیس و ئەم ئەرکە پیرۆزەش شایانی ئافرەتی دڵسۆز و بە هەڵوێستە، جێگەی سەرفرازییە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرفەتی بە ئافرەت داوە لەم بوارە هەستیار و پیرۆزە شوێن پەنجەی دیاربێت و خزمەت بکات، یەکێك لە پێوەرەکانی دەسەڵاتی دیموکراتی و پێشکەوتوویی هەبوونی ئەفسەر و پۆلیسی ئافرەتە.»

**جێگەی سەرفرازییە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرفەتی بە ئافرەت داوە لەم بوارە هەستیار و پیرۆزە شوێن پەنجەی دیاربێت و خزمەت بکات، یەکێک لە پێوەرەکانی دەسەڵاتی دیموکراتی و پێشکەوتوویی هەبوونی ئەفسەر و پۆلیسی ئافرەتە**

**یەکەم کەس کە بووە موسڵمان، ئافرەت بوو، کە خەدیجەی خێزانی پێغەمبەر بوو. یەکەم شەهید لە مێژووی ئیسلام ئافرەت بوو بە ناوی سومەییە**

**ئافرەتانی کوردستان لە جێبەجێکردنی ئەرکە نیشتمانییەکانیان هەرگیز دوورەپەرێز و دەستەوەسان نەبوون، لە هەموو قوناغەکانی خەباتی گەلەکەماندا شان بەشانی تێکۆشەران لە مەیدانی خۆڕاگری و قوربانیداندا بوون**

## لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆیدا بۆ گوڵان

# کچێک پەیامێکی بۆ باوکان هەیە

«مـــن و کوبرا هاوتەمەن و هاوگەڕەك و هاوپۆل بووین. زۆربەی کاتەکانی ژیانمان پێکەوە بووین. لە منداڵییەوە وەك دەستەخۆشـــك ئاگاداری یەکتر بووین. ئەوەی ژیانی ئێمەی لە یەکتر جیا دەکردەوە، تەنیا جۆری مامەڵەی باوکمان بوو. باوکی کوبرا پیاوێکی بازرگان و دەوڵەمەنـــد و زۆر تووڕە بوو. بە کورتی دیکتاتۆری ماڵەوە بوو. کەس نەیدەوێرا لە بەرامبەری فزە بکات. هەموو هەینییەك براکانی کوبـــرای بە زۆر لەگەڵ خۆی دەبرد بۆ مزگەوت. ئەوەی لەو ماڵە نوێژی نەکردبا، نان نەبوو بیخوات. تەنانەت منیشی فێری نوێژکردن کرد. تەنیا یەك شـــتی باشم لەو پیاوە بینی، ئەویش ئەوە بوو فێری نوێژی کردین. بەڵام من بە دڵ عاشـــقی خوای خۆم بووم، کاتێك نوێژم دەکرد ئـــارام و دڵخۆش دەبووم. کەچی کوبرا و براکانی بێزار دەبوون. کەم ڕۆژ هەبوو دایکی کوبرای داماو لێدان نەخوات، لەگەڵ ئەوەشـــدا دوای پێنج منداڵ ژنی بە سەردا هێنا و ئەوەندەی دیکە ژیانیانی تاڵ کرد. بەپێچەوانەوە باوکی من نەك هەر پیاوێکی ئارام و ڕۆشـــنبیرە، کە بەردەوام ڕێـــزی لە دایکم گرتووە، بەڵکو لە گەڵ منیـــش زۆر هاوڕێ بووە. تەنانەت لە تەمەنی هەرزەکاریم زۆر جار باوکم پێداویستیی ژنانەشی بۆ دەکڕیم، واتە زیاتر لەدایکم، لەگەڵ باوکم هاوڕێ بووم. لە هەمـــوو ژیانمدا جگە لە یەك جار هەرگیز درۆم لەگەڵ باوکم نەکردووە، ئەویش پێوەندی بە هاوڕێکەمەوە بوو، نەدەکرا نهێنی ئەو ئاشـــکرا بکەم. ساڵ هات و ساڵ ڕۆیی و من و کوبرا بۆ ماوەی نۆ ساڵی تەواو ڕۆژانە پێکەوە دەچووینە قوتابخانە. زۆر جار باســـی ئەوەمان دەکرد کە سێ ساڵی دیکە دەچینە زانکۆ و هەردووکمان دەبین بە پزیشـــك و داهاتوویەکی گەشـــمان دەبێت. زۆریـــش زیرەك بووین و بە جددی ســـەرقاڵی خوێندن بووین. بەڵام هەســـتم کرد کوبرا ماوەیەکە گۆڕاوە و تەنانەت لە سەعی کردنیش باش نییە. هەر زوو زانیم کەوتووەتە داوی خۆشەویســـتی. خۆیشی لێی نەشـــاردمەوە و نامەکانی کوڕەکەی پیشان دەدام. ئەو پێوەندییە بـــەردەوام بوو. زۆر جار لەکاتی گەڕانەوەمان بۆ ماڵەوە، کوڕەکە بە ئۆتۆمبێل دەهات و کوبرای سەردەخست و پێکەوە دەڕۆیشتن. زۆرم ئامـــۆژگاری کرد، گوتم ئەوەندە بە ئاشـــکرا پێوەندی لەگەڵ ئەو کوڕە مەگرە. گوێی پێنەدام. مـــن تەنیا یەکجار لەگەڵ ئەو کوڕە قســـەم کرد، ئەویش کاتێك کوبرا نەخۆش بوو، لە ڕێگەی قوتابخانە هەواڵی کوبرای لێ پرسیم و داوای کرد لەگەڵی سەرکەوم و نزیکم بکاتەوە، بەڵام ڕەتمکردەوە و گوتم هەرگیز لە هیچ شـــوێنێك نەیێتە ســـەر ڕێگەم. دوای ماوەیەك ئەو دەستەخوشـــکەم تووشی شۆکی کـــردم. بەردەوام دەگریا و کوڕەکەش دیاری نەما. بۆ ماوەیەك کوبرا هۆکاری خەمبـــاری و گریانەکەی لێ شـــاردمەوە، بەڵام دواجار درکانـــدی و گوتی: ئەو کوڕە کچێنیمی هەڵگرتووە و حاشاشـــی لێدەکا. وەك باسیکرد ڕۆژێك کە خێزانی کوڕەکە هەموویان لە سەفەر بـــوون، کوبـــرای لەگەڵ خۆی بردبوو بۆ ماڵەوە و لەوێ تووشـــی ئەو کارەســـاتەی کردبوو. ئەوەندەشـــی پێنەچوو کوڕە لە هۆڵەنداوە تەلەفۆنـــی بۆ کرد و ئـــەوەش زیاتر کوبرای پەرێشـــان کرد. ئیتر کەوتە ســـووچی ماڵ و تەنانەت لە خوێنـــدن و قوتابخانەش دابڕا. کوبرا تاقانە بوو. زێڕ و زیـــوی زۆری هەبوو. باوکی بازرگانێکی دەوڵەمەند بوو، تەنانەت زڕدایکەکەشـــی خۆشی دەویست، لەگەڵ ئەوەشدا دڵی بە هیچ خۆش نەبوو. بەڵام ئەو دەستەخوشکەم دووبارە کەوتەوە داوی خۆشەویستی و ئەمجارەیان لەگەڵ پیاوێك تێکەوتبوو کە تەمەنی زۆر لە خۆی گەورەتر بوو. باسی شتی وای دەکرد کە نەدەکرا گوێی لێ بگرم. وازم لێ هێنا و زۆریش بەو دابڕانە خەمبار بووم. باوکم وای دەزانی شەڕمان بووە و هەواڵی کوبرای لێ پرسیم و وتی: بۆ دیاری نییە، خۆ شـــەڕتان نەبووە؟ منیش بۆ یەکەمجار شتێکم لە باوکم شاردەوە و خۆم بە گوناهبار دەزانی. دوای ماوەیەك بیستم کوبرا لەگەڵ خۆشەویستی دووەمی چووەتە دەرەوەی وڵات. هەر بەوە ســـوکنایی خۆم دەداوە کە کوبرا ڕزگاری بووە و بە دەستی

**پێویستە باوکان هەوڵ بدەن لەگەڵ کچی خۆیان هاوڕێیەتی بکەن و لە توندوتیژی دوور بکەونەوە. ئەوە تەنیا کلیلی بەختەوەری خێزانییە**

**لە هەموو ژیانمدا جگە لە یەک جار هەرگیز درۆم لەگەڵ باوکم نەکردووە، ئەویش پێوەندی بە هاوڕێکەمەوە بوو، نەدەکرا نهێنی ئەو ئاشکرای بکەم**

**باوکی من نەک هەر پیاوێکی ئارام و ڕۆشنبیرە، کە بەردەوام ڕێزی لە دایکم گرتووە، بەڵکو لە گەڵ منیش زۆر هاوڕێ بووە. تەنانەت لە تەمەنی هەرزەکاریم زۆر جار باوکم پێداویستیی ژنانەشی بۆ دەکڕیم**

گوڵان: کۆمەڵایەتی



**زۆر جار پیاوانی ئایینی و چالاکانی مافی مرۆڤ و زانایانی کۆمەڵناس و دەروونناس، باسی چۆنیەتی بەختەوەری و بەهاکانی شیرازەی خێزانییان کردووە و سەرمەشق و ڕێنمایی زۆریشیان خستۆتە بەردەم تاك، بۆ ئەوەی بیکاتە نەخشەڕێگەی بەختەوەری خۆی و خێزانێکی لەسەر بونیاد بنێت. کچێکیش لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆیدا بۆ گوڵان، پەیامێکی بۆ باوکان هەیە و پێشنیار دەکات هەموو باوکان هەوڵ بدەن لەگەڵ کچی خۆیان هاوڕێیەتی بکەن و لە توندوتیژی دوور بکەونەوە.**

باوك و براکانی نەکوژراوە. بەڵام نایشارمەوە وازهێنان لە کوبرا تووشی سەدمەی کردم. لەبەر ئەوەی زۆرم خۆش دەویست زیاتر لە دە ساڵ زۆربەی کاتەکانی ژیانمان پێکەوە بووین. ئەو گەیشتە ئەڵمانیا و زۆر هەوڵی دا تاوەکوو دیسان پێوەندیمان هەبێت، منیش سەرقاڵی خوێندن بووم و لە زانکۆ، خەونەکەم بەدیهات و هیوادارم وەك پزیشکێکی خاوەن کەرامەت بتوانم خزمەتی خۆم و گەل و نیشتمانەکەم بکەم. ئەوەی لەم بەسەرهاتەدا ویستم باسی بکەم، تەنیا بۆ ئەوەیە باوکان بتوانن لەگەڵ کچی خۆیان هاوڕێ بن، لانیکەم لەبەر ئەوەی بەلاڕێدا نەچن. من و باوکم نموونەی ئەو هاوڕێیەتییەن. منیش هەر لە قۆتاغی یەکەمی زانکۆ کەوتمە داوی خۆشەویستی، بەڵام یەکسەر لە لای باوکم درکاندم. ئەویش زۆر بە ئاسایی وەری گرت و داوای کرد لە کافیتریایەك پێکەوە کۆببینەوە. خۆشەویستەکەم زۆر شەرمن بوو، بەڵام لە بەر خاتری من قبووڵی کرد و هات. کاتێك پێکەوە دانیشتین باوکم گوتی: ئێوە گەنجن مافی خۆتانە خۆشەویستتان هەبێ، بەڵام دەبێت ئاگاتان لە کەرامەتی خۆتان و منیش هەبێ، بۆیە تەنیا یەك داواکاریم هەیە، ئەویش ئەوەیە بەڵێن بدەن هەرگیز لە شوێنی چۆڵ و خەڵوەت یەکتر نەبینن. گەر قسەیەکتان هەبوو، لە شوێنێکی گشتی دابنیشن و قسەی خۆتان بکەن. خۆشەویستەکەم دەستی باوکمی ماچ کرد و باوکم دەستێکی بەسەردا هێنا. باوکم ئێمەی لە کافیتریاکە بەجێهێشت و هەستم کرد، فرمێسك چاوی تەڕ کردووە. ئەو دڵە گەورە و بەرچاوڕوونییەی باوکم وایکرد، خۆشەویستەکەم عەودالی بوو. بۆیە دوو رۆژی پێنەچوو لەگەڵ خێزانەکەی هاتنە خوازبێنیم. ئێستە مارەبڕی یەکترین و خۆمان بە بەختەوەرترین هاوسەری جیهان دەزانین. گەرچی هێشتا زانکۆمان تەواو نەکردووە و دەبێت خۆمان بۆ ژیانی داهاتوومان ئامادە بکەین. لە کۆتاییدا روو لە هەموو باوکان دەکەم و دەڵێم: پێویستە باوکان هەوڵ بدەن لەگەڵ کچی خۆیان هاوڕێیەتی بکەن و لە توندوتیژی دوور بکەونەوە. ئەوە تەنیا کلیلی بەختەوەری خێزانییە».